| | | |
|---|---|---|
| **هەرێمی کوردستان- عێراق**<br>**ئەنجوومەنی وەزیران**<br>**وەزارەتی ناوخۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**<br>**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان**<br>**بەشی کارگێڕی** | **Ministry of interior**<br>**General Directorate of Diwan**<br>**( ISO 9001:2015 )** | **إقليم كوردستان- العراق**<br>**مجلس الوزراء**<br>**وزارة الداخلية**<br>**المديرية العامة للديوان**<br>**مديرية ادارة الموارد البشرية**<br>**قسم الادارة** |

**ژمارە : ٥٤٦١**

**ڕێکەوت : ١١ / ١٢ / ٢٧٢٠ کوردی**

**DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ٢**

## بەیانی ژمارە ( ٨ ) ساڵی ٢٠٢١

**دوابەدوای بەیانی ژمارە**

**(٥٨,٥٧,٥٢،٤٨,٤٦,٤٤,٤٢,٤١,٣٩,٣٨,٣٧,٣٦,٣٥,٣٤,٣١,٢٩,٢٨,٢٧,٢٦,٢٥,٢٤,٢٣,٢٢,٢١,٢٠,١٩,١٨,١٧,١٦,١٥,١٤,١٣,١٢,١١,١٠,٨,٦,٥,٣)ی**

**ساڵی ٢٠٢٠ و (٧,٦,١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا)**

**و کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) لە ٢٠٢١/٣/١**

**و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :**

**یەکەم:** بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دیاریکراون لە فەرمانگە و دامەزاروەکانی حکومەت و ناوەندەکانی خوێندن و تەواوی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان وەکو بەستانی ماسك و پاراستنی دووری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە مۆڵ و بازاڕەکان و لەناو هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی و تایبەتی.

**دووەم:** هەموو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوە و گردبوونەوە و کۆنفڕانس و بۆنەی ئایینی و کۆمەڵایەتی قەدەغەیە.

**سێیەم:** بەردەوامیدان بە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی لە تەواوی فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان و ناوەندەکانی خوێندن و شوێنە گشتییەکان.

**چوارەم:** پێویستە کافتریا و یانە و چێشتخانەکان خزمەتگوزارییەکانیان لە دەرەوە لە ناو باخچە پێشکەش بە میوانانیان بکەن، و ئەوانەی باخچەیان نیە پێویستە ژمارەی میوانان لە ژوورەوە سنووردار بکەن و تەواوی دەرگا و پەنجەرە و هەواگۆڕکێکان بکەنەوە بە بەردەوامی و پاراستنی دووری پێویست لە نێوان مێزەکاندا.

**پێنجەم:** سنووردارکردنی ژمارەی ئامادەبووان لە هۆڵەکانی بوك گواستنەوە بە شێوەیەك ڕێگە بگیرێت لە قەرەباڵغی لە ژوورەوە، هۆڵی رووبەری (٥٠٠ م٢) ڕێگە بە (٦٠) کەس دەدرێت و هۆڵی (١٠٠٠ م٢) ڕێگە بە (١٢٠) کەس دەدرێت لە یەك کاتدا لە ژوورەوە بن بە پێچەوانەوە هۆڵەکە دادەخرێت.

**شەشەم:** بۆنەی گردبوونەوەی سەر قەبران و دانانی پرسە لە مزگەت و لە ماڵان و هەڵدانی خێمە لە کۆڵان و باخچەکان بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

**حەفتەم:** یانە و کافتریا و شوێنی یارییەکان نابێت خزمەتگوزاری نەرکیلەکێشان پێشکەش بکەن و لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو تا کاتژمێر (٦:٠٠)ی بەیانی دادەخرێن.

**هەشتەم:** هۆڵی سینەماکان لە گشت مۆڵ و بازاڕەکان دادەخرێن بە بەردەوامی لە تەواوی شار و شارۆچکەکان لە هەرێم.

ژمارە : ٥٤٦١

ڕێکەوت : ١١ / ١٢ / ٢٧٢٠ کوردی

DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ٢

**نۆیەم:** سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق لە ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی و شەممە ڕێکەوتی (٥ تا ٧)ی مانگی ئازار، جگە لە هاتووچۆی شاندە فەرمیەکانی حکومی و دبلۆماسی و هاوپەیمانان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکان.

**دەیەم:** کاری بازرگانی لە دەروازە سنوورییەکان و لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق بەردەوام دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی ڕێکارەکانی خۆپارێزی.

**یانزدەیەم:** دەسەڵات دراوە بە وەزیرانی (پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێکی پێویست تا کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەی باڵا.

**دوانزدەیەم:** کۆبوونەوەی داهاتوو لە ٢٠٢١/٣/١٠ ئەنجام دەدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە.

**سیانزدەیەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبـــەر ئەحمەد
وەزیـری ناوخـۆ

<u>وێنەیەك بۆ :-</u>

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی بەڕێز ڕاوێژکار/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجومەنی پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهوك ) / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتاریەت / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی سەرۆکی فەرمانگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

ژمارە : ٥٤٦١
ڕێکەوت : ١١ / ١٢ / ٢٧٢٠ کوردی
DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ٢

- وەزارەتی داد/ ب.ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- یەکەکانی (٧٠ و ٨٠) / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرك/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەروازە سنوورییەکانی (ئیبراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەروێزخان ، سەرزێر) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- خولاو.